# گەشەکردنی هەژمونی چین لە عێراق لە سایەی باڵادەستی ئەمریکادا (2003-2013)

**هیوا عەزیز سەعید [1]، هۆشمەن عەتا مەحمود [2]**

[1] بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە** - داگیرکردنی عێراق لە 2003 لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە، یەکێکە لە ڕوداوە گرنگەکانی سەرەتای چەرخی بیست و یەك کە کاریگەرییەکی گەورەی فرە ڕەهەندی لەسەر عێراق، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و پەیوەندیی زلهێزەکان لە جیهاندا هەبووە. هەرچەندە ئەمریکا لە داگیرکردنی عێراق و لەناوبردنی ڕژێمی سەدام سەرکەوتووبوو، بەڵام ئەو سەرکەوتنە نەبووە مایەی بەهێزبوونی پێگەی ئەمریکا لە عێراق، بەڵکو تا کشانەوەی سوپای ئەمریکا لە 2011 عێراقیەکان سەرباری گرفتی سیاسی و سەربازیی، بە توندی بەرپەرچی داگیرکاریی بوونەوە. لەکاتێکدا خەرجی جەنگەکە لە سێ ترلیۆن دۆلار بۆ ئەمریکا زیاتر بوو، کەچی ئەو وڵاتە بەبەراورد بەو خەرجیە زەبەلاحە لە ڕوی ئابوریی و بازرگانیەوە سودێکی زۆری لە عێراق نەبرد. بە پێچەوانەوە چین یەکێك بوو لەو وڵاتانەی کە لەسەرەتاوە دژی جەنگەکە بوو چ لەکاتی جەنگ و چ لە پاش جەنگەکە نەچووە ناو ئەو هاوپەیمانیەکەی ئەمریکاوە، بڕیاری تاکلایەنەی ئەمریکای بۆ داگیرکردنی عێراق بە پێشێلکاری ئاشکرای بەها و یاسا نێودەوڵەتیەکان زانی، بەڵام ئەو وڵاتە زۆرترین قازانجی لەجەنگەکە برد، لە ڕویەکەوە بۆ نوێکردنەوەی توانا سەربازی و هەواڵگریەکانی وانە و پەندی لێوەرگرت. بەدیوێکی تریشدا ستراتیجی سیاسی خۆی بەرمەبنای پێدراوە نوێکانی دوای جەنگەکە داڕشتووە. لەلایەکی تریشەوە هەژمون و کاریگەریی ئابوریی و بازرگانی گەورەی خۆی لە عێراق زیادکرد، بەڕێژەیەك کە توێژەران پێیانوایە گەورەترین براوەی جەنگەکە چینە.

**کلیلە ووشەکان:-** چین، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، عێراق، نەوت، بازرگانی.

## پێشەکی :

بڕیاری تاکلایەنەی ئەمریکا بۆ داگیرکردنی عێراق و ڕوخاندنی ڕژێمەکەی سەدام حسین لە 2003 گەلێك چارەنوسساز بوو، چونکە عێراق دوای جەنگی دووەمی کەنداو بەردەوام هەستیارترین دۆسیە بووە لە بەردەم بڕیاربەدەستانی ئەمریکادا، ڕوداوەکانی 11ی ئەیلولی 2001 لە ئەمریکا، بڕیاری گۆڕینی ڕژێمی خێراترکرد، لێرەوە ئەمجارە بەچڕی ئەمریکا بۆ ماوەی دەیەیەك بە دۆسیەی عێراقەوە سەرقاڵبوو، کە زیانی زۆری ئابوریی، سەربازیی، سیاسی پێگەیاند. ئەمریکا کە لە سەرەتای نەوەدەکان وەك براوەی جەنگی سارد مایەوە و بانگەشەی سیستەمی نوێی جیهانی (New World Order) بەگوێی جیهاندا دا، لەناو ئەوەشدا جیهانگیریی (Globalisation) یەکێك بوو لەو چەمکانەی زۆرترین دەنگۆی لێکەوتەوە، بەجۆرێك چەمکی سەروەریی لەبەردەم ئابوریی بازاڕدا ڕەوایەتی نەما و جیهان کرانەوە و پێکداچوونی (Integration) زیاتری بەخۆیەوەدی، بەڵام چین وەك زلهێزێکی جیهان و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش ئەگەرچی ئابوریی سەرمایەداریی پەیڕەوکرد، سیستەمە سیاسیەکەی بە کۆمۆنیستی مابویەوە، لەبەرئەوە جەنگی عێراق وەک هەڕەشەی سەر ئاسایشی نیشتیمانی چین لێکدرایەوە، چونکە ئەمریکا بەدیوێکدا بانگەشەی لابردنی سیستەمە سیاسیە دەسەڵاتخوازەکان و بەدیوێکیشدا بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و بەها ڕۆژئاواییەکانی کرد. جگە لەوەی چین هەمیشە گرێی تایوانی لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکا هەبووە،سەرباری هەموو ئەوانە چین هەتا کۆتایی ڕژێمی سەدام باشترین پەیوەندیی لەگەڵ عێراق هەبوو، بۆ هەڵگرتنی گەمارۆکان لەسەر عێراق هەوڵیدا، چونکە چەندین گرێبەستی بازرگانی لەگەڵ ئەو وڵاتە واژۆکرد، بەتایبەت لە بواری نەوتدا کە بەهۆی سزاکانەوە نەیدەتوانی بیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆیە چین لە زۆر ئاستەوە بە دۆسیەی عێراقەوە پێچرابوو.

چین لە ساتی داگیرکرنی عێراقدا لە جیهاندا ئابورییەکەی پێگەی شەشەمی هەبوو، لە ساتی چونە دەرەوەی سوپای ئەمریکا لە عێراق لە دوای ئەمریکاوە دووەم بوو. چین سەرقاڵیی ئەمریکای بەجەنگەکانی عێراق و ئەفغانستانەوە قۆستوەتەوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی توانا ئابورییەکانی سەربخات. ئەوە جگە لەوەی لە عێراق لە بواری ئاڵوگۆڕی بازرگانی، وەبەرهێنان، نەوت کاریگەریی ئەو وڵاتە زۆر زیادیکرد. بە ڕادەیەك کاڵا چینیەکان بازاڕی عێراقیان قۆرخکردبوو، دواتریش چین گەورەترین کڕیاری نەوتی عێراق بوو، لە کاتێکدا ئەمریکا پلەی خۆبژێوی لە وەبەرهێنانی نەوتدا فەراهەمکردو چیدی پێویستی بە هاوردەکردنی ئەو کاڵایە نەبوو.

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 9، العدد 4 (2023) ؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v9n4y2023.pp55-65
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 3 ايار 2023 ؛ قُبل في 14 حزيران 2023؛ نُشرت في 19 أيلول 2023؛
البريد الإلكتروني للمؤلف hiwa.saeed@univsul.edu.iq, hoshman.mahmod@uoh.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2023 هیوا عەزیز سەعید ، هۆشمەن عەتا مەحمود. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

**گرنگی توێژینەوەکە** بریتیە لە شرۆڤەکردن و هەڵسەنگاندنی ڕەوشی عێراق لە دوای ساڵی 2003 و ڕۆڵی ئەمریکا لە بونیادنانەوەی ئەو وڵاتە، پاشان هاتنە ناوەوەی چین وەك هێزێك کە لەلایەن عێراقیەکانەوە بە بژاردەیەکی باش بۆ گرێدانی پەیوەندییە ئابوریی و سیاسیەکان وێناکراوە.

**مەودای توێژینەوەکە** بریتیە لە دە ساڵ (2003-2013) چین لەماوەی ئەو دە ساڵەدا لە لایەن (هۆ جین تاو) سەرۆکایەتی کراوە، لە بەرانبەردا ئەمریکا دوو سەرۆك لە دوو پارتی جیاواز، ئەوانیش جۆر دەبلیو بوش (2001-2008) و باراك ئۆباما (2009-2013) سەرۆکایەتی کراوە. هەرچی مەیدانی توێژینەوەکەشە بریتیە لە عێراق دوای ساڵی 2003، کە ڕژێمە سیاسیەکەی هەڵوەشاوەتەوە و سەرباری قەیرانی سیاسی و ئاسایشی، بەدوای بونیانانەوەی ژێرخانی ئابوری و پەیوەندیە دیپلۆماسی و سیاسیەکانیەوە بووە.

**میتۆدی توێژینەوەکە** بە میتۆدێکی و مێژووی-شیکاریی و هەندێك جاریش بەراوردکاری مێژوویی ئەنجامدراوە.

**پرسیاری سەرەکی** ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئایا چۆن و بە چی شێوازێك چین هەژمون و کاریگەری خۆی لە لە دوای گۆڕینی ڕژێمی سەدام حسین لە عێراق لە ساڵی 2003 بەهێزکرد؟

**پێکهاتەی توێژینەوەکە** سەرباری پێشەکی توێژینەوەکە لە دوو باس و سێ تەوەر پێکهاتووە، لە سەرەتادا باسمان لە داگیرکردنی عێراق کردوە و پاشان ڕەوتی پەیوەندیە دەرەکیەکانی عێراقی نوێ خراووەتە ڕوو و لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی چین لە عێراق، لە باسی دووهەم، لە سێ تەوەردا شرۆڤەی عێراقی نوێ و پەیوەندیەکانی چین و عێراق لە سایەی داگیرکاری ئەمریکادا کراوە، کراوە بە سێ تەوەرەوە، تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ گەشەسەندنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی دولایەنە، تەوەری دووەم، باس لە نەوت کراوە وەك کاڵایەکی ستراتیجی جیهانی لە پەیوەست بە کێبرکێی کۆمپانیا ئەمریکی و چینیەکان لە عێراق، لە تەوەری سێیەم، هەڵسەنگاندن بۆ بەهێزبونی نەرمە هێزی چین و پاشەکشەی ئەمریکا لەو بوارە لە عێراق کراوە. پاشان لە کۆتاییشدا دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

## باسی یەکەم
## گەشەکردنی پەیوەندییەکانی چین-عێراق لە سایەی داگیرکاریدا:

داگیرکردنی عێراق یەکێکە لە گرنگترین ڕوداوەکانی سەرەتای سەدەی بیست و یەك، شوێنکەوتەی نەك تەنها لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لە جیهاندا تا ماوەیەکی درێژ مایەوە. لەو ئەرکەدا ئەمریکا تەنہا نەبوو، بەڵکو هاوپەیمانێتیەکی لە بەریتانیا، ئوسترالیا، پۆڵەندا دروستکردبوو. لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جەنگی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ سەرەتای زنجیرە جەنگێکی دوورودرێژی لەناوخۆ و دەرەوەی عێراق لێکەوتەوە. جەنگەکە لە ١٩ی ئازار تا ١ی ئایاری ٢٠٠٣ بەردەوام بوو. (Congressional Research Service, 2008) هاوپەیمانیەکە لە قۆناغی سەرەتادا ١٦٠ هەزار سەربازی ڕەوانەی عێراق کرد، (٧٣%) واتە ١٣٠ هەزار سەربازی ئەمریکی و ٤٥ هەزاری بەریتانیی (٢٥%)و ٢٠٠٠ ئوسترالی (١ %) و 194 سەربازی پۆڵەندی (0.1%) بوون. سی و شەش وڵاتی دیکەش لە پاشکۆدا بەشداربوون. ئەوە جگە لەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە بەرەکانی جەنگ لە موسڵ و کەرکوك و باکوری عێراق بە گشتی پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان لەگەڵ بووە. (Kurt & Campbell, 2008)جەنگ بە فەرمی لە 1ی ئایاری 2003 کۆتاییهات، کاتێک سەرۆکی ئەمریکا (جۆرج بوش) لە وتاری بەدیهاتنی ئامانج (Mission accomplished speech) لەسەر کەشتی ئەبراهام لینکۆڵن دوای ئەوەی لە کەنداو گەڕایەوە، وتاری بۆ سەربازانی هێزی دەریایی ئەمریکا پێشکەشکرد و پەیامی نوێی بۆ دونیا ڕاگەیاند کە جەنگی عێراق بە سەرکەوتویی کۆتاییهاتووە. (The White House Archive, 2003) لە 22ی ئایاری 2003، نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی ئەمریکا و بەریتانیای وەک داگیرکەر لە عێراقدا ناساند، سزا دارایی و بازرگانییەکانی ساڵی 1991ی ئەنجومەنی ئاسایشی لەسەر عێراقدا هەڵگرت. هەرچەندە بۆ ماوەیەکی کاتی جەنەراڵ (جەی گارنەر) لە سوپای ئەمریکا بۆماوەی بیست ڕۆژ لە (21 ی نیشان تا 12ی ئایاری 2003 ) کرایە حاکمی دوای داگیرکردنی عێراق، بوڵام پاش ماوەیەکی کورت ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان (Coalition provisional authority CPA) دامەزرا، پۆل برێمەر وەک بەڕێوەبەر دیاریکرا. دواتر حکومەتێکی کاتی دامەزرا و یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٠٥ سازکرا. دواتر هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق تا ساڵی ٢٠١١ مانەوە. (United Nations digital library, 2003)

عێراق نوێی پاش سەدام هێشتا ناسنامەی سیستەمە سیاسیەکی دیار نەبوو، ئەوە سەرباری گرفتی ئاسایش و سەربازی، بەهۆی ناکۆکی قووڵی ناوخۆیی و ناکارایی سیاسەتی دەرەوەی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، سیاسەتی دەرەوەی عێراق جۆراوجۆر و هەندێکجار دژیەک بووە، یاخود تا دەرچونی هێزەکانی ئەمریکا لە 2011 ئەوەی هەبووە پەیوەندیی دەرەکی بووەو لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی نیشتیمانی وڵاتەکە دانەڕێژراوە. ئەوەش بەرەنجامی ئەو زیانانە بوو، کە ساڵانی شەڕ و گەمارۆکانی عێراق بە دامەزراوەکانی دەوڵەت گەیشتووە، لەلایەکیترەوە ئەو کەلێنانەی لە دوای ساڵی 2003 لە پرۆسەی دارشتنەوەی سیاسەتی دەرەوە دروستبووە، دۆخەکەی خراپتر کردووە. هاندانی ئەکتەرە دەرەکییەکان و وڵاتانی دراوسێ بۆ دروستکردنی کاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراق لە ڕێگەی هاوپەیمانە ناوخۆییەکانی وەك هەندێك پارتی سیاسی و هێزی میلیشیایی، نمونە گەلێکی بەرچاوی ئەم کێشەیەن.

وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە ساڵی 2003ەوە لەلایەن هۆشیار زێباریەوە بۆ ماوەی هەشت ساڵ سەرپەرشتیکراوە، لە چاوپێکەوتنێکدا لە مانگی ئازاری ساڵی 2013 وتویەتی: وەزارەتەکەی سێ کاری لە پێشینەی بۆ سیاسەتی دەرەوە دەستنیشانکردووە کە وەک چیرۆکی سەرکەوتن هەڵیگرتوون:

1. کۆتاییهێنان بە داگیرکاریی ئەمریکا: پرسی سەرەکی بۆ عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وەرگرتنەوەی سەروەریی بوو، بۆ ئەوەش عێراق لە ساڵی ٢٠٠٨ لەگەڵ حکومەتی ئەمریکا ڕێکەوتنێکی کردبوو، کە ماوەی مانەوەی هێزەکانی ئەو وڵاتەی دیاریکرد، دواتر ئەمە جێبەجێکراو دوایین هێزی ئەمریکا لە کانوونی دووەمی ٢٠١١ لە عێراق کشانەوە.
2. دروستکردنەوەی پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی: عێراق لەگەڵ جیهان لە شەڕدا بووە، نەك تەنها شەڕی لە دژی دوو دراوسێی خۆی بەرپاکردووە، واتە سەرپێچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی کردووە. پلانی گۆڕینی ئەمە ئاسایکردنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی دوولایەنە بووە، ئەنجام نزیکەی ١٠٠ وڵات نوێنەرایەتیی دیپلۆماسییان لە عێراق کردەوە.

3. دەرهێنانی عێراق لە ژێر بەندی حەوتەمی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە بڕیاربوو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هاوینی ٢٠١٣ پێداچوونەوەی بۆ بکاتەوە و سەروەریی عێراق ئاسایی بکاتەوە. (Kinninmont, 2013, 43-44)

لە بەرانبەردا سیاسەتی چین لەهەمبەر داگیرکاریی عێراق و وەک وەڵامێکیش بۆ پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی لەگەڵ عێراقی نوێ، هێڵە گشتیەکانی سیاسەتی دەرەوەی لەچەند خاڵێکدا داڕشتووە:

1. پرسی ڕێزگرتن لە سەروەریی عێراق، چین هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی لە دژی عێراق بە پێشێلکردنی سەروەریی خۆی لەقەڵەمداوە.
2. پێویستی پێدانی ڕۆڵی سەرەکی بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە چارەسەرکردنی کێشە و پرسە نێودەوڵەتییەکان، ئامادەبوونی پشکنەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ تەواوکردنی ئەرکەکەیان لە عێراقدا، لە پێناو مانەوەی ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەیوەست بە کەیسی عێراق لە سەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی بوو.
3. ڕەفتاری سیاسی چین لە بەرانبەر عێراق هەوڵیدا ئەو پێشهاتە نوێیە بقۆزێتەوە لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی ئەو سزا ئابوریانەی کە پێشتر لەلایەن ڕۆژئاواوە بەسەریدا سەپێنرابوون، ئەمەش بەڵگەیە بۆ لە پێشینەبونی بەرژەوەندییە ئابورییەکانی چین. (هاني منعم، ص 107)

هەموو ئەمانەش بۆ زیاتر جێگیرکردن و بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندیەکانی چین لە عێراقدا بوو، کە بریتیبوون لە:

أ. بەرەوپێشبردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان چین و عێراق و بەکارهێنانی وەک ئامرازێک بۆ فشار خستنە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە لە داهاتوودا ڕێگەی پێدەدا بۆ ئەوەی کاریگەریی سیاسی لە عێراقدا هەبێت.
ب- عێراق خاوەنی پێگەیەکی جیۆگرافی ستراتیژییە و دەکەوێتە ناو دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە خاڵی بەرکەوتن و لێکنزیکبوونەوەی کیشوەرەکانی جیهانی دێرین دادەنرێت، ئەگەری ڕۆڵێکی کاریگەر بۆ عێراق لە سیاسەتی ناوچەیی لە ئایندەدا لە لایەن چینەوە بەدیدەکرا، بەتایبەت بۆ ڕێگەی ئاوریشم.
ج- لە کاتی هەڵگرتنی سزا ئابورییەکان لەسەر عێراق، چین دەبووە یەکێك لە باشترین وڵاتانی هاوردەکاری نەوتی عێراق.
د- بازاڕی عێراق بە بەراورد بە ئەمریکا لە چین نزیکترە، ئەمە جگە لەوەی توانای کڕین لە عێراق لە دوای 2003 تێکچوو، بەدەستهێنانی بەرهەمی هاوردەکراو بە تێچووی زۆرەوە عێراقی ناچارکرد بەهۆی دابەزینی نرخەکانەوە بۆ هاوردەکردنی کاڵا بچێتە چین. (هاني منعم، ص 108)

## باسی دووەم
## بەرژەوەندییەکانی چین – ئەمریکا لە عێراق ٢٠٠٣-٢٠١٣

### تەوەری یەکەم
### ئاڵوگۆڕیی بازرگانی

ئیدارەی جۆرج بوش تیشکی خستە سەر داگیرکردنی عێراق، کە کۆمەڵێک دەستکەوتی ئابووریی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەستهێنێت، بەتایبەتی کۆنترۆڵکردنی نەوتی عێراق، بەو پێیەی کۆنترۆڵی دووەم گەورەترین یەدەگی جیهانی پێدەبەخشێت، کە بە کۆنترۆڵکردنی ڕۆیشتنی ئەم یەدەگە بە مەرجێک بتوانێت کاریگەرییەکی لەسەر ئاستی دابینکردن و داواکاریی هەبێت، کۆنترۆڵی نرخی نەوت لە بازاڕی جیهانیدا دەکات. جگە لەوەش عێراق دەتوانێت پشکی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە عێراق ڕێکبخاتەوە، ئەوەش بە مانای کشانەوەی جیاووکی کۆمپانیا ڕووسی و چینییەکانە لە عێراق و فروانبوونی بواری کاری کۆمپانیا ئەمریکییەکان دەگەیەنێت.(ابتهال محمد رضا، ص 18). لە لایەکی ترەوە ئەمریکا دەیویست لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق سودی ئابووریی گەورە وەربگرێت، تەنها خۆی و ئەو وڵاتانەی لە داگیرکاریدا یارمەتیان داوە بۆیان هەبووە بەشداربن لەم پرۆسەیەدا. شەش کۆمپانیای گەورەی ئەمریکی بۆ ئەنجامدانی ئاوەدانکردنەوەی عێراق گرێبەستیان لە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا وەرگرتووە، دیارترینیان کۆمپانیای (هالیبێرتۆن، شیڤرۆن، بێختێل، کارلایل، کیلۆگ، براون و ڕایتن) بوون (ابتهال محمد رضا، ص 18)..

بەپێی ئامارەکانی دەزگای زانیاریی وزەی ئەمریکا، یەدەگی نەوتی عێراق 112 ملیار بەرمیل نەوتە، لە پلەی دووەمی جیهاندایە، لە دوای سعودیەوە. هەروەها ئاژانسەکە مەزەندە دەکات تا ٩٠٪ی وڵاتەکە هێشتا بەوردی پشکنینی بۆ نەکراوە، ئەمەش بەهۆی دەیان ساڵ جەنگی عێراق لەگەڵ دراوسێکانی و پاشان و سزا ئابوورییەکانی ئەمریکاوە بووە. پێش داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا بە تەواوی لە بازاڕی نەوتی عێراق دەرکرابون. بەڵام بەهۆی داگیرکارییەوە، کۆمپانیاکان گەڕانەوە نێو عێراق و بۆ یەکەمجار لەو کاتەوەی لە ساڵی ١٩٧٣دا بە زۆر لە وڵات دەرکراون، نەوت لەوێ بەرهەمدەهێنن (Dahr Jamail, 2012). دیارە کۆمپانیا نەوتییەکانی ڕۆژئاوا بە سەرکەوتوویی پشکی شێری نەوتی عێراقیان بەدەستهێناوە، بەڵام پارچەیەکی کەمی کێکەکەیان بەخشیوە بە چین و هەندێک لە وڵات و کۆمپانیاکانی دیکە بۆ ئەوەی بێدەنگیان بکەن (Dahr Jamail, 2012)

بەپێی ڕاپۆرتی پشکنەری گشتی تایبەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، خەرجییەکانی ئەمریکا لە ساڵانی ٢٠٠٣ – ٢٠١٢ بە نزیکەی ٦٠ ملیار دۆلار بووە. جگە لەوەش بڕیاری ژمارە 1483ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، سندوقی گەشەپێدانی بۆ عێراق دامەزراند، کە بووە گەنجینەیەك بۆ کۆکردنەوەی داهاتی نەوت و گازی سروشتی عێراق، لە ماوەی 14 مانگی ئیدارەی مەدەنی ئەمریکی لە عێراق (CPA) بە کۆی گشتی 20.7 ملیار دۆلاربوو، ئەوە جگە لە دوو ملیار و ٧٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە سەروەت و سامانی دەستبەسەرداگیراوی ڕژێمی پێشووی عێراق (Hideki Matsunaga, 2019, p 38-39). دوای ئەمریکا، بەریتانیا و یەکێتی ئەوروپا، ژاپۆن بە گرنگترین ئەو هێزانە دادەنرێن کە لە ڕێگەی ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و کۆمپانیاکانیان وەك بەخشین یان قەرز بە حکومەتی عێراقی بەشداربوو (Hideki Matsunaga, 2019, P 40-45). ئەوەی شایەنی باسە چین لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە عێراق کاری کرد، لەدوای ساڵی 2003 پێشوازیی لە پێکهێنانی ئەنجوومەنی حوکم و پاڵپشتی هەوڵەکانی عێراقی بۆ گەڕاندنەوەی نەزمی گشتی کرد، تاوەکو گەلی عێراق مافەکانی خۆی بەکاربهێنێت و پێویستی پاراستنی سەربەخۆیی و سەروەریی و یەکپارچەیی خاکیان دابینبکەن (مضخور، 2015).

بە درککردن بە گرنگی پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان، هەردوولا بڕیاریاندا سەردانەکانی ئاستی باڵا ئاڵوگۆڕ بکەن، لە 2003/7/8 جەلال تاڵەبانی ئەندازیاری دروستکردنەوەی پەیوەندییەکانی (عێراق - چین ) بوو، کاتێک لە خولی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی حوکمدا سەردانی چینی کرد و لە دوای سەدام بەردی بناغەی پەیوەندییەکانی بونیاتنایەوە، کە سەردانی هاوبەشی ئاست بەرزی نێوان پەکین و بەغدای بەدوای

خۆیدا هێنا. تاڵەبانی وەك سەرۆك كۆمار جارێكی تر لە 20ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ بە سەرۆكایەتی شاندێک لە 36 ئەندام کە وەزیرانی نەوت و دارایی عێراق و نوێنەرانی چوار وەزارەتی دیکە سەردانەکەی بۆ چین دووبارەکردەوە (د. باهرمردان، 2015)، لەو ماوەیەدا چەندین ڕێککەوتن و یاداشتی لێکتێگەیشتن واژۆکران، لە هەمووی گرنگتر واژۆکردنی ڕێککەوتنێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەرزەکانی عێراق بوو، کە دەکرێت بە خاڵی وەرچەرخان لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا دابنرێت (Yitzhak Shichor, 2007)، هەردوولا ڕێککەوتنیان لەسەر هاوکاریی نێوان هەردوو وەزارەتی دەرەوە و لەسەر هاوکاری بوارەکانی پەروەردە و تەندروستی واژۆکرد، تاڵەبانی لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی شینهوای چین ڕایەگەیاند: "شانازی منە کە لەدوای دامەزراندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان عێراق و چین لە 49 ساڵی ڕابردودا، یەکەم سەرۆک کۆماری عێراق بم سەردانی چین بکات... هیوادارم قۆناغێکی نوێی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان بکاتەوە"(Xinhua, 2007) .

لە وێستگەیەکی گرنگتری پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و چین، سەردانی سەرۆک وەزیران نوری مالیکی لە ناوەڕاستی ساڵی 2011 و دوای ئەوەش سەردانی وەزیرانی دەرەوە، نەوت، بیناسازیی، و نیشتەجێکردن بوون، هەروەها سەردانی شاندی جۆراوجۆری لەلایەن پارتە سیاسییەکانی عێراق، ڕێکخراو و کەسایەتیە ڕۆشنبیریی و جەماوەرییەکان هەبووە. لەلایەن چینیشەوە زۆرێک لە بەرپرسانی باڵای چین سەردانی بەغدایان کرد، گرنگترین سەردانیش سەردانی ژای جون، بریکاری وەزیری دەرەوە بوو لە ساڵی ٢٠١١ و بەدوایدا لە هەمان ساڵدا سەردانی وانگ یی، وەزیری دەوڵەت، هەروەها هێ شی ڕاوێژکاری دەوڵەتی چین بوون (مضخور، 2015).

بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و تێڕوانینی ئەرێنی چین لە نێوان سەرکردایەتی و بەرپرسانی حکومەتی عێراقدا، پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت دوای ساڵی ٢٠٠٣ بە شێوەیەکی بەرچاو باشتربوون، لە کۆتاییەکانی ٢٠٠٣ وەزارەتی بازرگانی چین وەزیری بازرگانی حکومەتی کاتی عێراقی (عەلی عەللاوی) بۆ چەسپاندنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان چین و عێراق بانگهێشتکرد، لە مانگی تشرینی یەکەم چین بەڵێنیدا ٢٥ ملیۆن دۆلار وەک هاوکاریی مرۆیی بە عێراق بدا و لە ساڵی ٢٠٠٤ یەک ملیۆن دۆلاری بۆ پشتیوانی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە کۆنفرانسی مەدرید دابینکرد، کە بڕیار بوو ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجامبدرێت ( Jeremy Sharp, 2003).

سەبارەت بە دەستکەوتەکانی قۆناغی دوای 2003ی پەیوەندییەکانی عێراق و چین، بە شێوەیەکی سەرەکی زیادبوونی قەبارەی ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان بوو، کە لە 500 ملیۆن دۆلارەوە لە ساڵی 2004 بۆ 22 ملیار دۆلار لە ساڵی 2017 زیادیکرد. کۆمپانیا چینییەکان ژمارەیان گەیشتە زیاتر لە ٤٥ کۆمپانیا، کە لە زۆربەی کەرتەکاندا کاریان کردووە، بەتایبەتی کەرتە ستراتیژییەکان. سەبارەت بە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی دوو لایەنەی عێراق و چین لە ساڵی ٢٠٠٠دا ٩٧٥ ملیۆن دۆلاربوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ ٥٦ ملیۆن دۆلار کەمیکردووە، بەڵام دواتر بازرگانی دوولایەنە گەشەیکردووەتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٤ بۆ ٤٧٠ ملیۆن دۆلارو لە ٢٠٠٥ بۆ ٨٢٠ ملیۆن دۆلار و لە ٢٠٠٦ زیاتر لە یەک ملیار و ١٤٤ ملیۆن دۆلار بووە، لەنێویاندا زیاتر لە ٦٥٣ ملیۆن دۆلار لە هاوردەکردنی چینی بووە.(OFC, 2023)

هەروەها خزمەتگوزاریی بیناسازیی چین بەهۆی شەڕی ساڵی ٢٠٠٣ەوە بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیووە، بەهای گرێبەستەکانی ساڵی ٢٠٠٢ نزیکەی ١٤٥ ملیۆن دۆلاربووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ ١٢٨ ملیۆن و لە ٢٠٠٤ بۆ کەمتر لە ٩ ملیۆن دۆلار دابەزیووە، چونکە قۆرخکاریی کۆمپانیا ئەمریکی و ڕۆژئاواییەکان بۆ پڕۆژەکان و زیادبوونی توندوتیژیی و جەنگی ناوخۆیی و دواکەوتن لە دەرکردنی یاسایەکی نوێی وزە لە لایەن پەرلەمانی عێراقەوە، کۆمپانیا چینییەکانی لە ئاوەدانکردنەوەی عێراق لە دوای جەنگ دوورخستەوە (Yitzhak Shichor, 2006)، بەڵام چین بە بەخشینی 50 ملیۆن یۆانی چینی (نزیکەی 6.5 ملیۆن دۆلار) بۆ هاوکاریی لە کەرتی تەندروستی گشتی و پەروەردە،(Jane Kinninmont, 43 ) لێخۆشبوونی لە 80%ی قەرزەکانی لە سەر عێراق بە (نزیکەی ٨,٥ ملیار دۆلار) هەوڵیدا دووبارە لە بوونیادنانەوەی لە عێراق بوونی خۆی بکاتە دیفاکتۆ (Thomas W. Donovan, 2016). لەبەرئەوە دواتر کەمێک بەرزبوونەوە تێیدا ڕوویداوە، لە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ ١١ ملیۆن و لە ٢٠٠٦ بۆ ٥٠,٥ ملیۆن دۆلار بەرزبووەتەوە.(Shichor, 2006)

نوسەری ئەمریکی (ڕۆبەرت کاپلان) لە نوسینێکدا لە ڕۆژنامەی (واڵ ستریت جۆرناڵ) نیگەرانی خۆی لە بەرفراوانبوونی کاریگەریی چین لە عێراق دەربڕیووە و نوسیویەتی: "ئێمە بۆ ئەوە عێراقمان ڕزگارکرد تاوەکو کۆمپانیا چینیەکان بتوانن نەوتەکەی دەربهێنن". (Matt Schiavenza, 2013)ئەمە ئاماژەی فراوانبوون و کاریگەریی پێگەی چینە لە عێراق کە زۆر بەخێرایی زیادیکرد، لە کاتێکدا لە 2003 هەڵوێستی ناڕەزایەتی لە داگیرکردنی عێراق هەبوو، بەڵام زۆرترین قازانجی لە جەنگی عێراق کرد. لە ساڵانی دوای ٢٠٠٣ بازاڕی عێراق بە جۆرێک گەشەیکرد، کە توانای جێگیرکردنی هاوکاریی ئابووریی لە بواری بازرگانی و وەبەرهێنان و تەنانەت هاوکارییە خزمەتگوزارییەکانی لەگەڵ وڵاتاندا هەبێت، لەم چوارچێوەیەدا چین لە نێو زۆرێک لە وڵاتانی دیکەدا، عێراقی وەک بازاڕێکی قازانجبەخش سەیر دەکرد، چونکە دوای شەڕی ٢٠٠٣ و هەڵگرتنی سزا ئابوورییەکان، بازاڕەکانی عێراق توانای هەڵمژینی قەبارەیەکی زۆر لە کاڵای هاوردەیان هەبوو، ئەمەش بەهۆی باشتربوونی توانای کڕینی هاوڵاتیانی عێراقەوە بوو. بەو پێیەی گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی (GDP) ساڵانەی عێراق لە 3,477 ملیۆن دۆلار لە ساڵی 1995 بۆ 131.6 ملیار دۆلار لە ساڵی 2008 زیادیکرد. دوای هەڵگرتنی سزاکان کۆمەڵگەی عێراقی بوو بە کۆمەڵگایەکی بەکاربەر، ئەو هاوڵاتیانەی سەرنجیان لەسەر دابینکردنی کاڵا سەرەکییەکان و پێداویستیە سادەکانی ڕۆژانەبوو، خواستەکانیان بۆ بەرهەمەکانی تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگی مۆدێرن، مۆبایل، ئامێری جلشۆر و فێنککەرەوە گواسترایەوە، دابەزینی کەرتی پیشەسازیی نیشتمانیی عێراق و بێتوانایی کەرتی کشتوکاڵ لە دابینکردنی خواستی ناوخۆ، هاوردەی دەرەکی عێراقی زیادکرد. چین بە دابینکردنی ئامێرەکانی فێنککەرەوە، تەلەفزیۆن، بۆری ئاسن و تایەی لاستیک بە نرخێکی گونجاو بۆ عێراق، وەک دابینکەری سەرەکی دەرکەوت. (Matt Schiavenza, 2013)

لە بەرانبەردا قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٧-٢٠١١) نزیکەی (٧٥) ملیار دۆلار و بە ڕێژەی (١٥) ملیار دۆلار ساڵانە بووە، هەروەها بەراورد بە ساڵی پێشتری لە ساڵی ٢٠١٣ ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانیان بە ڕێژەی (٢٣%) و بە بڕی (٢٥) ملیار دۆلار لەو ساڵەدا زیادیکردووە. (هناء عبد الغفار، ص98).

یەکێك لە جیاوازیی ئەمریکیەکان و چینیەکان لە عێراقدا ئەوەبوو کە چینیەکان خۆیان خستوەتە مەترسیەوە، زۆر بەخێرایی ئەرکەکانی سەرشانیان بەجێهێناوە، بەڵام ئەمریکا بە پێچەوانەوە، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٧ پۆلیسی عێراق بە بەهای ١٠٠ ملیۆن دۆلار چەکی سوکی لە چینەوە داواکرد، کە جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق لەپێناو فشارخستنە سەر ئەمریکا بۆ خێراکردنی گواستنەوەی ئەو چەکانەی بڕیاربوو لە ئەمریکاوە بە عێراق بگات ئەو سیاسەتەی بەکارهێنا. ئەوە جگە لەوەی چین لە پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ عێراقدا ئاستێکی زۆر باشی هەبوو. (هناء عبد الغفار، ص98)

کۆمپانیای کارەبای شەنگەهای پرۆژەی وێستگەی کارەبای بە بڕی یەك ملیار دۆلار دروستکرد لە 2010 بە ئامانجی ئەوەی وێستگەی کارەبای زوبەیدیە لە نزیك پاریزگای کوت بتوانێت توانای کارەبا بۆ 1320 مێگاوات زیاد بکات. (Aseel Kami, 2010) لە کانوونی دووەمی ٢٠١٣ کۆمپانیای بیناسازیی پەیوەندییەکانی چین پرۆژەیەکی پاککردنەوەی ئاوەڕۆی بە بڕی ١٥٦ ملیۆن دۆلار پێبەخشرا. (Steve A. Yetive, 2008, p 94)چەندین کۆمپانیای چینی پێداویستییەکانی عێراقی نوێیان لەبەرچاوبوو، لەبەرئەوە لە بوونیادنانی کۆمەڵێک پرۆژەی بەرفراوان لە ژێرخانی ئابووریی عێراقدا لە: پەیوەندییەکان، وێستگەکانی کارەبا (بەتایبەت وێستگەکانی کارەبای غازی سروشتی)، کارگەی چیمەنتۆ و دامەزراوەی پاککردنەوەی ئاو بەشدارییانکردووە. (South China Morning Post, 2013, p. 8)

لە 2003-2009 لە بواری پەیوەندییەکان، تەنها دوو کۆمپانیای چینی بۆ کارکردن لە عێراق ناویان تۆمارکردووە، کە کۆمپانیای (Zhongxing Telecom Co (ZTE لە ساڵی ٢٠٠٤ و هەواوی لە ساڵی ٢٠٠٧ بوون، کۆمپانیای ZTE دابینکارێکی سەرەکی کەرتی پەیوەندییەکان بوو، گرێبەستی دابینکردنی ئامێری پەیوەندییەکانی بە بەهای زیاتر لە 5 ملیۆن دۆلار بەدەستهێنا. (Amjed H. Al-Masaoodi, 2021, p. 262)تەکنەلۆجیای هواویش (یان ئەوەی لە عێراق بە کەلیات تیلیکۆم ناسرابوو) لە ساڵی ٢٠٠٧ گرێبەستێکی بە بڕی ٢٧٥ ملیۆن دۆلار لەگەڵ حکومەتی عێراق واژۆکرد، هەواوی یەکەم مۆڵەتی نیشتمانیی عێراقی بۆ دابینکردنی تۆڕێکی بێتەلی جێگیری بە تەواوی قەبارەوە بەدەستهێنا کە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١١ پێنج ملیۆن هێڵی خزمەتگوزاری CDMA پێشکەشکرد.(lightreading, 2007)

هەروەها کۆمپانیا چینییەکان وەبەرهێنانیان لەبواری دیکەشدا کردووە، کۆمپانیای گشتیی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلی عێراق کە سەر بە وەزارەتی پیشەسازیی و کانزاکانە، گرێبەستی ساڵانەی لەگەڵ سێ کۆمپانیای بەرهەمهێنەری ئۆتۆمبێلی چینی (گریت وۆڵ مۆتۆر، گۆنتوو و پرۆتۆن) بۆ کۆکردنەوە و بەبازاڕکردنی نۆ هەزار ئۆتۆمبێل واژۆکرد. (Donnchadh Mac, 2013)

ئەگەرچی پەیوەندییە سەربازییەکانی (چین – عێراق) لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ دەستپێنەکرد، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی باڵیۆزخانەی عێراق لە پەکین (٢٠١٤) هاوکارییە سەربازییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە ٢٠٠٣ بۆ کۆتاییەکانی ٢٠١٣ لە واژۆکردنی گرێبەستی چەک و گرێبەستەکانی دیکەی پەیوەست بە "ئامێری پاراستنی ماددە کیمیایی و بایۆلۆژیی و ئەتۆمییەکان و ئامێری ئەندازیاریی و تەقەمەنی پیادە و ئامێری پەیوەندیکردن و تایەی سەربازی بوون " (Amjed H. Al-Masaoodi, 2021, p. 271)

دوای چوونە دەرەوەی سوپای ئەمریکا لە عێراق، ئێران دەستوەردانی زیاتری لە عێراق و پشتیوانی میلیشیا شیعەکان کرد، لەبەرئەوە ئەمریکا هەناردەکردنی چەکی بۆ عێراق دواخست، ئەمەش لە کاتێکدا داعش هەڕەشەیەکی بەرچاوی سەر عێراق بوو، ئەمریکا پێیوابوو ڕەنگە کەرەستە سەربازییەکانی لەلایەن سەرۆکوەزیران نوری مالیکی دژی کورد و سوننەی عێراق بەکاربهێنرێت. لە بەرانبەردا مالیکی هەوڵیدا چەك لە لایەنەکانی دیکەی نەیاری ئەمریکا بکڕێت، لەوانە: چین و ئێران، (Wezeman & Wezeman, 2014, P.3)ئەوەبوو وتەبێژی سەرۆکوەزیرانی عێراق (عەلی موسەوی) ڕایگەیاند: "ئێمە شەڕ دژی تیرۆر دەستپێدەکەین و دەمانەوێت لەم شەڕەدا سەربکەوین، هیچ شتێک ڕێگریمان لێناکات لە کڕینی چەک و تەقەمەنی لە هیچ لایەنێک، ئەو پێداویستیە سەربازیانە بۆ شەڕکردن لە دژی تیرۆریستان تەنها هاوکارمانە".(Amjed H. Al-Masaoodi, 2021, p. 272) هەڵبژاردنی چین بەشێکی بەهۆی هەرزانی نرخ و کەمی تێچووی چەکەکانیەوە بووە، هەروەها چین فرۆشتنی چەکی بە سیاسەتی ناوخۆیی وڵات و ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤەوە نەبەستبووەوە.

یەکێک لە دەرەنجامەکانی کرانەوەی چین بەڕووی عێراقدا زیادبوونی ژمارەی کۆمپانیایە وەبەرهێنە چینییەکان بوو، کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ نزیکەی (١٠٨) کۆمپانیا لە کەرتەکانی کارەبا و پەیوەندیی و گواستنەوە بە بڕی (٢٠) ملیار دۆلار وەک گەورەترین وەبەرهێنەر لە عێراق کاریانکردووە. (هاني منعم دحام العطية،، ص 108-109)

قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئەمریکا و عێراق بەمشێوەبوە، ساڵی 2002 واتە یەکساڵ پێش داگیرکاری ئەمریکا بۆ عێراق، قەبارەی هەناردەی ئەمریکا بۆ عێراق تەنها 31.6 ملیۆن دۆلاربووە، کە هەناردەکردنی کاڵا لە بواری ئامێری ئۆتۆمبێل بارهەڵگر و پارچەی مەکینەی ئۆتۆمبێل بووە. لە هەمانکاتدا هەناردەی عێراق نزیکەی 3.26 ملیار دۆلار بووە، کە 90% ئەو کاڵایە نەوتی خاوبووە، (OEC, 2023 )لە هەمانکاتدا ساڵێك پاش داگیرکاریی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی زۆر گەشەیکردووە بە جۆرێك هەناردەی ئەمریکا بۆ عێراق 818 ملیۆن دۆلار بووە. لە بەرانبەردا هەناردەی عێراق بۆ 7.92 ملیار دۆلار زیادیکرد، لەو ڕێژەیەش 99.8% نەوتی خاو بووە. لە 2008 ئاڵوگۆڕی بازرگانی دوو وڵات گەیشتە لوتکە، هەناردەی ئەمریکا بۆ عێراق گەشتە زیاد لە 2 ملیار دۆلار لەو ڕێژەیە 37% تەها گەنم بووە، هەرچی عێراقە هەناردەی گەشتە 20 ملیار دۆلار بۆ ئەمریکا لەو ڕێژەیە 99.9% نەوتی خاو بووە، بەڵام دەبینین دوو ساڵ دوای پاشەکشەی ئەمریکا لە عێراق قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی دوو لایەن دابەزیووە، بەجۆرێك لە ساڵی 2013 هەناردەی ئەمریکا بۆ عێراق گەشتە 1.87 ملیار دۆلار، هەرچی هەناردەی عێراقە بۆ ئەمریکا گەیشتە 12 ملیار دۆلار کە 99.9% ئەو بڕە نەوتی بووە.(OEC, 2023 )

سەبارەت بە پەیوەندییە ئابوریی و بازرگانیەکانی عێراق لەگەڵ چین، لە ساڵی 2002، تێکڕای هەناردەی چین بۆ عێراق بریتیبووە لە 421 ملیۆن دۆلار، لە کاتێکدا هەناردەی عێراق بۆ هەمان وڵات تەنها 84.5 ملیۆن دۆلار بووە، لەو بڕە ڕێژەی 100% نەوتی خاو بوو. لە ساڵی 2003 کاتێك ئەمریکا عێراقی داگیرکرد، هەناردەی چین بۆ عێراق 56.1 ملیۆن دۆلارو هەناردەی عێراق بۆ چین 317 هەزار دۆلاربووە، لە ساڵی 2008 کاتێك عێراق لە ژێر کاریگەریی ئەمریکا بوو، تاڕادەیەك تەرازووی بازرگانی هاوسەنگبوو، هەناردەی چین بۆ عێراق 1.27 ملیار دۆلارو هەناردەی عێراق بۆ چین 1.23 ملیار دۆلار بوو، کە 95% نەوتی خاوبوو، دوو ساڵ دوای کشانەوەی سوپای ئەمریکا لە عێراق و بەدیاریکراوی لە 2013 ئاستی ئاڵوگۆڕی دوولایەن بەخێرایی زیادیکرد، هەناردەی چین بۆ عێراق گەشتە 6.89 ملیار دۆلار و کاڵاکانیش بریتی بوون لە ئامێری فێنککەرەوە، موبایل و ئامێرە ئەلیکترۆنیەکانی تر، لە هەمانکاتدا هەناردەی عێراق گەشتە 16.1 ملیار دۆلار کە 99.5% نەوتی خاوبووە(OEC, 2023 )

بەسەرنجدان لە داتاکان، دیارە چین براوەی ئاڵوگۆڕی ئابوریی و بازرگانی لەگەڵ عێراق بووە، ئەگەرچی داگیرکاریی ئەمریکا بۆ عێراق و گۆڕینی ڕژێم بە ڕژێمێك کە دۆست و هاوبەشی ئەمریکا بێت، هاوکات سەرباری هەموو ئەو خەرجیە دارایی و گیانیەی ئەمریکا لەو پێناوەدا لە عێراق بەخشی، چین بەبێ شەڕ و خەرجیەکی ئەوتۆ قازانجێکی بەرکەوت و هاوبەشێکی سەرەکی بازرگانیی عێراق بووە.

## تەوەری دووەم

### نەوت

گەمارۆ ئابوورییەکان لە دوای ساڵی 1991 و لە ئەنجامی جەنگی کوەیت بەسەر عێراقدا سەپێنرا، ئەمە ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان عێراق و چینی وەستاند، بەڵام لە ئەنجامی دەستپێکردنی بەرنامەی نەوت بەرانبەر خۆراك لە کۆتایی ساڵانی نەوەد، ئاڵوگۆڕی بازرگانی گەشەی کردەوە، چین لە هەوڵێکدا بۆ دڵنیابوون لە بەشداریی بەرهەمهێنان لە نەوتی عێراق لە دورمەودادا چەندین گفتوگۆی لە بواری نەوتدا لەگەڵ ڕژێمی سەدام ئەنجامدا، لە ساڵی 1997 دوو کۆمپانیای نەوتی چینی (سی ئێن پی سی) و (گروپی پیشەسازیی باکوری چین) گرێبەستێکی 2.1 ملیار دۆلاریان لەگەڵ عێراق بۆ پەرەپێدان لە کێڵگەی نەوتی ئەل ئەحداب لە باشوری عێراق واژۆکرد، لە ساڵی 1998 گرێبەستێکی تریان بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی حەلفایە واژۆکرد. هەرچەندە جێبەجێکردنی گرێبەستەکان پەیوەستبوو بە هەڵگرتنی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر عێراق، لە هەمان ساڵ چین و عێراق گەورەترین گرێبەستیان لە چوارچێوەی بەرنامەی نەوت بەرانبەر بە خۆراك واژۆکرد، بەڵام لە 2003 کە ئەمریکا ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراقی دەستپێکرد، نەوتی عێراق تەنها 1% ی بڕی هاوردەی نەوتی چین بوو. (Amjed H. Al-Masaoodi, 2021, p. 272)

عێراق بەهۆی جەنگ و گەمارۆکان ژێرخانی نەوت و وزەی داتەپی بوو، نزیکەی 65% یەدەگی سەلمێنراوی نەوتی عێراق، کە دەکەوتە باشوور لە دۆخێکی خراپدا بوو، بۆیە ژێرخانی کێڵگە نەوتییەکان پێویستی بە وەبەرهێنانی بەرچاو هەبوو. (Dorraj, & English, 2013, P 43–67) لە لایەکیترەوە سەرەڕای نەبوونی کۆمپانیایەکی تایبەتی نەوتی عێراقی، دەسەڵاتدارانی عێراق بەشداریی وەبەرهێنانی بیانیان لە کەرتی نەوتی عێراقدا سنورداركرد، بە تایبەت لە بواری (پاڵاوتنی نەوت و بە بازاڕکردنی نەوت)، بەجۆرێك ئاستی بەرهەمهێنان دابەزیی کە زۆر لە خوار ئاستی پێش داگیرکارییەوە بوو، کە نزیکەی دوو ملیۆن و ٥٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بۆ یەک ملیۆن و ٨٠٠ هەزار بەرمیل دابەزیی، لە مانگی ئازاری ٢٠٠٤ بۆ شوباتی ٢٠٠٧ بۆ نزمترین ئاست کە ملیۆنێک و ٥٤ هەزار بەرمیل بوو لە ڕۆژێکدا دابەزیی.(Amjed H. Al-Masaoodi, 2021, p. 260)

سەرەڕای ئەو زیانانە، کردەوە تیرۆریستیەکان لە نێوان 2003-2007 زیانێکی گەورەیان بە بۆرییەکانی گواستنەوەی نەوت و گازی عێراق و دامەزراوەکان و کارمەندەکانی گەیاند، لێرەوە چاککردنەوەیان خەرجییەکی زۆری هەبوو، بۆیە دەسەڵاتدارانی عێراق بیرۆکەی بانگهێشتکردنی کۆمپانیا بیانییەکانی نەوتی بۆ وەبەرهێنان لە کێڵگە نەوتییەکانی عێراق قبوڵکرد. لە ساڵی 2004 وەزارەتی نەوتی عێراق یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی نەوتی نێودەوڵەتی واژۆکرد، دوای پێنج ساڵ و لە حوزەیرانی 2009 داوای پێشنیاری کۆمپانیا نێودەوڵەتییە نەوتییەکانی بە شێوازی تاک یان وەک بەشێک لە کۆنسۆرتیۆم، بۆ وەبەرهێنان لە کێڵگە نەوتییەکانی عێراق کرد. (Ahmed Mousa Jiyad, 2021)

دوای ساڵی 2003 بەشێک لە کۆمپانیا ناسراوەکانی نەوتی جیهانی بە ئامانجی وەبەرهێنان لە کێڵگە نەوتییەکان هاتنە ناو عێراق، وەک شێڵی ئەمریکی و بی پی بەریتانی، بەڵام حکومەتی عێراق کۆمپانیاکانی نەوتی چینی لە کۆمپانیا ئەمریکییەکان وەک هاوبەش بۆ پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان پێ باشتر بوو، ئەمەش لەو گرێبەستە نەوتیانەی عێراقدا دەرکەوت کە لە ساڵی 2010 لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان واژۆ کراوە. حکومەتی عێراق یازدە گرێبەستی خزمەتگوزاریی لەگەڵ هەژدە کۆمپانیای نێودەوڵەتی نەوت ئەنجامداوە، چین زۆرترین پشکی لە گرێبەستەکاندا بەدەستهێناوە. کۆمپانیا نەوتییەکانی چین وەک کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی چین (CNPC)، کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی دەریایی چین (CNOOC) و کۆمپانیای نەوت و کیمیایی چین (سینۆپێک)، بە بەراورد لەگەڵ پشکی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بی پی بەریتانی و ئێکسۆن مۆبیلی ئەمریکی و تۆتالی فەرەنسی، پشکی گەورەی وەبەرهێنان لە بازاڕی نەوتی عێراقدا پێبەخشرا. بەگوێرەی ئاماری فەرمانگەی تۆماری کۆمپانیاکانی عێراق، لە ساڵی 2003 تا 2013 نزیکەی 20 کۆمپانیای چینی بۆ کارکردن لە کێڵگە نەوتییەکانی عێراق تۆمارکراون، چالاکییەکانی ئەم کۆمپانیا چینیانە بریتیبوون لە گەڕان و هەڵکەندن و دەرهێنان و خزمەتگوزاریی نەوت و بۆری و پاڵاوگە و هەناردەکردن. (Amjed H. Al-Masaoodi, 2021, p. 251-252)

سەرکەوتنە سەرەتاییەکانی چین لە عێراق، هەرێمی کوردستانیشی گرتەوە، لە ئابی 2008 کۆمپانیای دەوڵەتیی نەوتی کیمیایی چین (سینۆپیک) ڕازیبوو پشکەکانی کۆمپانیای ئەداکسی سویسری بە بڕی 7.2 ملیار دۆلار بکڕێتەوە، ڕێکەوتنەکە لەلایەن حکومەتی چینەوە پەسەندکرا و لە 5ی تشرینی یەکەمی 2009 جێبەجێبوو. دواتر سینۆپێک دوو کێڵگەی نەوتی لە هەرێم دەستکەوت، چونکە ئەداکس 30% گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنان لە کێڵگەی تەقتەق و 26.67% سودی کارکردنی لە کێڵگەی نەوتی سەنگاو هەبوو.(Amjed H. Al-Masaoodi, 2021, p 244)

نرخی نەوت لەماوەی 2000-2009 بەرزبووەوەو دواتر لە ساڵی 2009 لە ئەنجامی قەیرانی ئابووریی جیهانی دابەزیی، بەڵام لەماوەی 2010-2013 جارێکی تر بەرزبووەوە، کاتێك نرخی یەك بەرمیل نەوتی خاو گەیشتە زیاتر لە سەد دۆلاری ئەمریکی، ئابووریناسان پێیانوابوو ململانێی بازرگانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین بە سەپاندنی باجی گومرگی لەسەر کاڵای یەکتر، خواستی جیهانی لەسەر نەوت خاوکردووەتەوە، ئەمەش نرخی نەوتی لە جیهاندا دابەزاند و نیگەرانی بۆ بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە و عێراق دروستکرد.( هناء عبد الغفار، 2003،ص97)

چین تەنها وڵاتێك نەبوو هاوشێوەی وڵاتانی دیکە بۆ عێراق، بەڵکو لە زۆر ڕووەوە پێگەی ئەو وڵاتە کاریگەریی لە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراقیش داناوە، بەجۆرێك توندبوونەوەی پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکاش کاریگەرییان لەسەر عێراق هەبوو، بۆ نمونە دابەزینی گەشەی ئابووریی چین لە ئەنجامی ململانێ لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کاریگەریی نەرێنی لەسەر نەوتی وڵاتانی کەنداو و عێراق لەڕووی هەناردەی نەوتەوە هەبوو، بەو پێیەی چین هاوردەکاری سەرەکی نەوتە لە وڵاتانی کەنداو و هەناردەی نەوت بۆ چین لە ڕۆژێکدا نزیکەی یەک ملیۆن بەرمیل بووە، لەو بڕەش چارەکێکی لە نەوتی عێراق پێکهاتبوو. ( هاني منعم، 2003، ص 109-108)

عێراق دوای ساڵانێك لە قەیرانی جەنگی عێراق-ئێران و گەمارۆکان، بۆ بوژانەوەی کەرتی نەوت پێویستی زۆری بە وەبەرهێنان هەبوو، بۆیە بواری بۆ کۆمپانیا بیانییەکان کردەوە، لە 2009 ەوە کۆمپانیا چینییەکان لە لوتکەی ئەو کۆمپانیایانەدا بوون کە لە عێراق کاردەکەن، هەرچەندە دوای ئەوەی کە عێراق لە 2003 داگیرکرا، هەموو گرێبەست و لێکتێگەیشتنەکان ڕاگیران، کەچی گرێبەستە سێ ملیار دۆلارییەکەی کۆمپانیای سی ئێن پی سی کە لە سەردەمی سەدام واژۆکرابوو، دوای لە ناوچونی سەدام بووە یەکەم گرێبەستی عێراق لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانی لە بواری نەوتدا واژۆکرابێت. وەزیری نەوتی عێراق کە یاوەری تاڵەبانی بووە لە گەشتەکەیدا بۆ چین، هێمای بۆ ئەوە کردووە کە "گرێبەستەکە لەگەڵ حکومەتی پێشووی عێراق (سەدام) هێشتا لەکاردایە و واژۆکراوە

و ئیمە ڕێزی لێدەگرین". (Yitzhak Shichor, 2006) پاشان باسی لەوە کرد کە دەبێت هەندێک کێشەی تەکنیکی چارەسەربکرێن " لەو کاتەوەی هەشت مانگ لەمەوبەر سەردانی چینم کردووە قسەمان کردووە و چینییەکان تازە پێشنیارێکی پێداچوونەوەیان پێشکەشکردووە بۆ جێبەجێکردنی مەرجە تەکنیکییە نوێیەکان بۆ پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە داڕێژراون". (سامر ئەلغەزبان) ڕاوێژکاری باڵای نەوت و گاز لە عێراق، دووپاتیکردەوە کە: "ئەم گرێبەستانە هەڵناوەشێنەوە، پێویست ناکات جارێکی دیکە بانگەوازی بۆ بکەن، تەنها دەبێت هەموار بکرێنەوە، چین بۆ ئێمە زۆر گرنگە و کێڵگەی ئەحداب لە ناوچەیەکی تاڕادەیەک سەلامەتدایە، بەڵام گرێبەستەکان هەموار دەکرێنەوە". (Yitzhak Shichor, 2006)

هەروەها لە یەکەم مەزادی کێڵگەی نەوتدا لە تەمموزی 2009، کۆمپانیای سی ئێن پی سی چینی بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای بریتیش پیترۆلیۆمی بەریتانی، بۆ پەرەپێدانی گەورەترین کێڵگەی نەوتی عێراق لە بەسرە بۆ ئەوەی توانای بەرهەمهێنان لە 985،000 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بگەیەنە 2.85 ملیۆن بەرمیل، بۆ ماوەی حەوت ساڵ بە تێچووی 15 ملیار دۆلار گرێبەستەکەیان بردەوە، ئەوەش دەکاتە دووەم گەورەترین کێڵگەی نەوت لە جیهاندا دوای کێڵگەی غەواری سعودیی. (Yitzhak Shichor, 2006)

لە مانگی کانونی یەکەمی 2009 کۆمپانیای سی ئێن پی سی لە کۆنسرسیۆمێکدا بە هاوبەشی لەگەڵ تۆتاڵی فەرەنسی و پیترۆناسی مالیزیی، دڵنیایدا کە ئاستی وەبەرهێنان لە کێڵگەی نەوتی حەلفایە لە 3100 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بۆ 535.000 ملیۆن بەرمیل زیاددەکات. هەروەها لە مانگی مایسی 2010، دامەزراوەی نیشتیمانی نەوتی دەرەکی چینی (سی ئێن ئۆ ئۆ سی) لەگەڵ کۆمپانیای تاپۆی تورکی گرێبەستێکیان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگەی نەوتی مەیسان بۆ زیادکردنی بڕی بەرهەمهێنان لە 100.000 بۆ 450.000 بەرمیل لە ڕۆژێکدا وەرگرت، لەهەمانکاتدا کۆمپانیای سینۆپیکی چینی بەهاوبەشی لەگەڵ سێ کۆمپانیای دیکەدا گرێبەستێکیان بۆ پەرەدان بە کێڵگەی زوبێر بۆ 1.25 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بردەوە. پرۆژەکانی چین و کۆمپانیاکانی لە عێراقدا توانای وەبەرهێنانی 1.9 ملیۆن بەرمیل نەوتیان لە ڕۆژێکدا هەبوو، ئەمە عێراق بۆ گەورەترین دابینکەری نەوتی خاو گۆڕیی. (Shichor, 2006)

سەرەڕای ئەوەش، کۆمپانیای پترۆچینا گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوت و گازی چینی بۆ پەرەسەندنی کێڵگەی نەوتی ڕۆژئاوای قورنە لە باشووری عێراق، خواستی بۆ پەیوەندیکردن بە کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیلی تەکساسەوە هەبوو. هەرچەندە چین چاوی گەورەی لەسەر عێراق بووە، بەڵام کۆمەڵێك کێشەی ناوخۆیی عێراق چینی نیگەران کردووە، لەوانە: گەندەڵیی و لاوازیی سەرخان و دابەشبوونی تائیفی و ناسەقامگیریی سیاسیی و ئاسایشی، بۆیە چین لە پەیوەست بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا بەردەوام ئەو مەترسیانەی لەبەرچاوگرتووە. (Tamimi, 2022)

لە 2012، عێراق گەیشتە بەرزترین ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت، لە 2013 لە قەبارەی هەناردەی نەوت بۆ چین توانی پێش ئێران بداتەوە. لە نێوان 2009 بۆ 2013، هەناردەی نەوتی عێراق بۆ چین سێ ئەوەندە زیادیکرد، بەڕێژەیەك کە لە سەدا هەشتی هاوردەی نەوتی چینی پێکهێناوە، بۆیە وەك دووەم هەناردەکاری نەوت بۆ چین لە دوای سعودیەوە، پێشی ئەنگۆلای دایەوە.(Yetive & Oskarsson, 2018, 92)

نەوت ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە بەردەوامی پەیوەندییە بازرگانییەکانی چین و عێراق، لە ٢٠١٣ بەهۆی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوتی ناوخۆیی، چین گەورەترین هاوردەکاری نەوتی جیهان بووە، هەربۆیە بەرنامەی سەرەکی چین بۆ عێراق بەشێک بوو لە ستراتیژێکی فراوانتر بۆ دەستەبەرکردنی سەرچاوەکانی وزە،چونکە عێراق خاوەنی پێنجەم گەورەترین یەدەگی نەوتی جیهان بوو. (EIA, 2013 )

لە کۆتایی ساڵی 2013 کۆمپانیا چینیەکان بە تایبەت کۆمپانیای نیشتیمانیی نەوتی چین، سێ کێڵگەی نەوتی لە باشوری عێراق بەڕێوەبردووە، کە ئەوکات زیاتر لە 50% بەرهەمی نەوتی عێراقیان وەبەرهێناوە. (Yetive & Oskarsson, 2018, 91)

لە پێناو زیادکردنی ڕۆڵی چین لە کەرتی وزەی عێراقدا، کۆمپانیای پترۆ چاینا لە مانگی ئابی 2013 ڕایگەیاند، کە لەگەڵ کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیلی ئەمریکی لە گفتۆگۆدان تا بە هاوبەشی کێڵگەی قورنە گەشە پێبدەن کە خاوەنی یەدەگێکی گەورەی نەوتە و بە 50 ملیار دۆلار مەزەندەکراوە، ڕێکەوتنەکە لە مانگی کانونی یەکەمی 2013 بە کڕینی 25% پشکی کۆمپانیای ئێکسۆن بە بڕی 590 ملیۆن دۆلار جێبەجێکرا، ئەم ڕێکەوتنە چینی بە گەورەترین وەبەرهێنی بیانی لە پیشەسازی نەوتی عێراقیدا ناساند. لە هەمانکاتدا کۆمپانیای پترۆ چاینا بۆ برەودان بە کێڵگەی نەوتی قورنەی دوو هاوبەشی لۆك ئۆیڵی ڕوسی کرد، ئەوەش پاش ئەوەی 18% پشکەکانی ستاتۆیلی نەرویجی لە 2012 کڕییەوە، بەڕێوەبەری لۆك ئۆیل لەو کاتەدا بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاند: کە چین هاوبەشێکی سەرنجڕاکێشە، چونکە بە بەردەوامی خواستی کڕینی جێگیر و ڕوو لەگەشەیە.(Yetive & Oskarsson, 2018 p 93)

کۆمپانیا چینیەکان ساڵانە نزیکەی 2 ملیار دۆلاریان بۆ ژیانەوەی کەرتی نەوتی عێراق خەرجکردووە، لە هەمان کاتدا سەدان کرێکاریان بۆ کارکردن ناردووە (Yetive & Oskarsson, 2018 p 93-94)، ئەم خەرجیی و فراوانبوونەی ڕۆڵی چین لە پیشەسازی نەوتی و پەسەندکردنی گرێبەستە قازانج کەمەکانی عێراقدا بۆ خواستی ناخۆیی چین دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوە وەزارەتی نەوتی عێراق تەنها دوو دۆلاری بۆ بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێك بە کۆمپانیا نیشتیمانیەکانی چین داوە، کۆمپانیای کۆنسرشیۆمی سی ئێن پی سی-تۆتاڵ- پیترۆناس بە بڕی 1.40 دۆلار قازانج بۆ هەربەرمیلێك ڕازیبوون، هەروەها سی ئێن ئۆ ئۆ سی -تاپو بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی نەوتی مەیسان 2.30 دۆلاریان بۆ هەربەرمیلێك پێدراوە. (Yetive & Oskarsson, 2018 p 93-94)

## تەوەری سێیەم
## نەرمەهێز

پەیوەندییە دەرەکیەکانی ئەمریکا لە مێژوودا شانبەشانی هێزی نەرم بەرەوپێشەوە چووە، لە جەنگی دووەمی جیهانیەوە ئەمریکا بۆ پشتگیریکردنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهان کاریکردووە. کولتوری ئەمریکی بۆ چەندین دەیە لە سەرانسەری جیهاندا بە بایەخەوە وەرگیراوە، بە هێزیی ئەمریکا زۆرجار کولتوری ئەمریکی وەک کولتورێکی هەژمونونگەرا پیشانداوە، باڵادەستی ئەمریکی و بەناوبانگبوونی میدیای ئەمریکی تاڕادەیەکی زۆر ڕۆڵی لە بە جیهانیکردنی زمانی ئینگلیزیی (بەتایبەت ئینگلیزی ئەمریکی) و میوزیکی ئەمریکی هەبوو. تەلارسازیی و پلاندانانی شار و فەلسەفەی سیاسی و ئابووریی و فیلم و کۆمپانیای سینەمایی هۆلیۆد و تەلەفزیۆنی ئەمریکی ڕۆڵی بەهێزیان هەبووە لە داڕشتنەوەی کولتووری جیهان هەبوو. تەنانەت خواردنی ئەمریکی و ڕەوتی مۆدە و ئەدەب و شانۆ و سەما کاریگەرییەکی بەرفراوانیان لە جیهانی مۆدێرن دروستکرد، کۆمپانیاکانی تەکنەلۆژیا و سۆشیال میدیای ئەمریکی وەك: گوگڵ، فەیسبوك، تویتەر فەزای دیجیتاڵی جیهانیان قۆرخکردووە.

دوای 11ی ئەیلول، ئیدارەی بوش شەڕی جیهانی دژی تیرۆری فراوان کرد، وەزارەتی بەرگری دەزگای سەرەکی بەڕێوەبردنی ئەو شەڕانە و لایەنی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بوو، زاڵبونی دەنگی جەنەراڵەکان ڕۆڵێکی لاوازی بۆ وەزارەتی دەرەوە هێشتەوە، لێرەوە پەیوەندیی ئەمریکا لەگەڵ عێراق بەدرێژایی زیاتر لە دوو دەیە پەیوەندیەکی سەربازیی بوو.(William Rugh, 2017, 5)

داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە سەرباری ئەوەی هۆکاری لەدەستدانی نەرمە هێز بوو، لە هەمان کاتدا پەرەسەندنی هەستی دژە ئەمریکیبوونی لە زۆر مەیدانی دیکە لێکەوتەوە، دوای چەند ساڵێك لە داگیرکاریی عێراق، نەك تەنها هاوڵاتیانی دەوڵەتانی نەیاری ئەمریکا، بەڵکو وڵاتانی هاوپەیمانی وەک بەریتانیا و ئەڵمانیا چیتر ئەمریکایان وەک داکۆکیکارێکی کاریگەر لە مافەکانی مرۆڤ نەبینی. (Bigler, 3)

لەبەرئەوە پڕۆفیسۆری زانکۆی هارڤارد (جۆزێف ئێس نای) لەدەستدانی ناوبانگی ئەمریکای لە جیهان بە قورسترین تێچوونەکانی شەڕی عێراق بینیووە، بە بەڕوای ئەو وێنەی ئەمریکا وەکو هێزێکی خۆبەزلزان و چەوسێنەرێکی جیهانی تادێت بەربڵاو دەبێت، پێشێلکارییەکانی زیندانی ئەبوغرێب ئەم تێڕوانینە نەرێنییەی بۆ ئەمریکا فراوانتر کردووە و ئاستی نەرمە هێزی ئەمریکایان دابەزاندووە، نای دەڵێت بۆ دەیان ساڵ دوای جەنگی دووەمی جیهانی، نەرمە هێزی ئەمریکا ئامرازێکی کاریگەری لەسەر سیاسەتەکانی مافی مرۆڤ و ڕاکێشانی خەڵک لە سەرانسەری جیهان بۆ دیموکراسی هەبوو، بەڵام ئێستا ئەمریکا کەمترین بڕی بودجەکەی بۆ بەرنامەکانی نەرمە هێز خەرجدەکات و ساڵانە تەنها ١٥٠ ملیۆن دۆلار بۆ دیپلۆماسی گشتی لە جیهانی ئیسلامی تەرخانکراوە، (Joseph Nye, 2004)بەڵام دواجار هیوای هەبووە ئەو کێماسیە ڕاستبکرێتەوە و لە ئاماژەیەکدا ووتویەتی: "شتێک لە پێشینەی کارەکانمان هەڵەیە، پێشەنگی جیهان لە سەردەمی شۆڕشی زانیاریی کارێکی وا هەڵە ئەنجام دەدات، بەڵام سەرەڕای ئەوە ناوبانگی نەرێنی ئەمریکا لە مەترسییەکانی چاپەمەنیەکانی وەک ئەبوغرێب ڕزگاری بوو، چونکە سیستەمە دیموکراسییەکەی داوای دادگایی ئەنجامدەر و ڕێگەپێدەرانی ئەم هەڵانەی کردووە، لەبەرئەوە کاتێک سیاسەتی هەڵە سەرنجڕاکێشیمان کەمدەکاتەوە، توانای ڕەخنەگرتن و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانمان لە ئاستێکی قووڵتردا سەرنجڕاکێشیمان بۆ کەسانی دیکە زیاددەکات". (Joseph Nye, 2004)

سیستەمی سیاسی و بەها و پرۆسە سیاسییەکانی ئەمریکا یەکێک لە پێکهاتەکانی نەرمە هێزی ئەمریکا پێکدەهێنن، بەگشتی عەرەبەکان بە دیموکراسی ئەمریکی، سەروەری یاسا، لێپرسینەوە لە سەرکردەکان، ئازادی قسەکردن و ئایدیاڵە سیاسییەکانی دیکەی ئەمریکا سەرسامن، (Shibley Telhami, 2013, P. 69)چونکە ئەمانە سیفەتگەلێکن کە لە سەرانسەری وڵاتە عەرەبیەکاندا دەگمەنن، بەڵام داگیرکاریی عێراق و سیاسەتی پراکتیکراو تا ڕادەیەک ئەم وێنە ئەرێنییەی بۆ خەڵکی عێراق تێکداوە.

نارەزایی عەرەب لە پشتیوانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل سەرچاوەی بەردەوامی ڕەخنە بووە، بۆیە بەرپرسانی ئەمریکا بەتایبەت دیپلۆماتکاران لەبەردەم ئەرکێکی قورسدا بوون، کاتێک دەستێوەردانەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان و عێراق کۆتاییهات، دۆخی هەردوو وڵات گۆڕانێکی ئەرێنی ئەوتۆی پێوە دیارنەبوو، عەرەب تەنها شکستەکانی سیاسەتی ئەمریکایان بینی، ئەو تێڕوانینە زیادیکرد کە ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی بۆ ئاژاوەی ناوخۆیی و شکست سەری کێشا، چونکە عەرەبەکان پێیانوابوو ئەمریکا وەک بەهێزترین وڵاتی جیهان توانای چاککردنی دۆخەکانی هەیە، بەڵام ئامادە نییە ئەو کارە بکات. ئەم پێشهاتانە نەرمە هێزی ئەمریکایان نەك تەنها لە عێراق بەڵکو لە جیهانی عەرەبی بەتەواوی شێواند. (Rugh, 2017,4)

بە هاتنە سەرکاری ئیدارەی نوێی ئەمریکی لە 2009 سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە جیهان و بەتایبەت لە عێراق گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا هات، لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتی باراك ئۆباما (2009-2013) کۆتایی بە شەڕ هات و پەیوەندییەکان لە چوارچێوەی ڕێکەوتنی ستراتیجی ئاساییکرانەوە، یەکەم سەردانی ئۆباما بۆ دەرەوە لە نیسانی ساڵی 2009 عێراق بوو، دووجاریش لە واشینتۆن میوانداریی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی عێراقی کرد. زیاد لەوە لە یەکەم خولی فەرمانڕەوایی ئۆباما جێگری سەرۆك (جۆ بایدن) سێ جار سەردانی عێراقی کرد، (The Future of US- Iraqi Relationship,p12) ئۆباما لە بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆی لە سەر کۆتاییهێنانی جەنگ لە عێراق پێداگری کرد. (سلیم، 2011، 16) لە وتاری ڕۆژی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار ڕایەگەیاند" "دەمانەوێ عێراق بۆ عێراقیەکان بگەڕێنینەوە". لە وتارەکەی زمانێکی جیاوازی لەوانەی پێش خۆی بەکارهێنا، لە جیاتی چەمکەکانی جەنگی پێشوەختە و تیرۆر، زاراوەی نەرمە هێز و ئامڕازی دیپلۆماسی و کارکردنی لەگەڵ هاوبەشەکانیان بەکارهێنا (Obama’s Inaugural address, 2009).

هەرچی هێزی نەرمی چینە، کولتووری نەریتی ئەو وڵاتە سەرچاوەیەکی سەرنجڕاکێش بووە بۆ دەرەوەی خۆی، بونیاد لەسەر ئەو کولتوورە، سەدان دامەزراوەی کۆنفۆشیۆسی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ فێرکردنی زمان و کولتوورەکەی دروستکراوە، ژمارەی خوێندکارانی بیانی لە چین لە ٣٦ هەزار خوێندکارەوە لە دەیەی پێشوودا بۆ لانیکەم ٢٤٠ هەزار لە ساڵی ٢٠١٠ زیادیکردووە. لە کاتێکدا دەنگی ئەمریکا پەخشی چینی خۆی ڕاگرت، ڕادیۆی نێودەوڵەتی چین پەخشی بە زمانی ئینگلیزی بۆ ٢٤ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا زیادکرد. لە ساڵی ٢٠٠٧ (هو) لە کۆنگرەی ١٧ی پارتی کۆمۆنیستی چینیدا وتی: لە سەرچاوەکانی نەرمە هێز چین پێویستی بە وەبەرهێنانی زیاترە، بەم پێیە چین ملیارەها دۆلاری خەرجکرد. (Joseph Nye, 2012

شێوازی چینی جەخت لەسەر ئاماژە بەرزەکان دەکاتەوە، وەک دووبارە بنیاتنانەوەی پەرلەمانی کەمبۆدیا یان وەزارەتی دەرەوەی مۆزەمبیق. ئۆلۆمپیادی پەکین لە ساڵی ٢٠٠٨ کە بە وردی نمایشکرا، ناوبانگی چینی بەرزکردەوە و پێشانگای شەنگەهای ٢٠١٠ زیاتر لە ٧٠ ملیۆن سەردانیکەری بۆ خۆی ڕاکێشا. کۆڕبەندی بواوی ئاسیا (Boao Asia Forum) لە دوورگەی هاینان نزیکەی ٢٠٠٠ سیاسەتمەدار و سەرکردەی بازرگانی ئاسیا بۆ ئەو شوێنە ڕاکێشا کە بە داڤۆسی ئاسیا ناوبراوە. پڕۆگرامەکانی هاریکاری مرۆیی چین لە ئەفریقا و ئەمریکای لاتین هیچ مەرجێکیان بۆ وڵاتنانی سودمەند نیە، بە پێچەوانەی هاریکاریە مرۆڤ دۆستیەکانی ئەمریکا کە بەسراوە بە ڕێزگرتنی دامەزراوەکان و مافەکانی مرۆڤەوە. لە بواری میدیاییشدا، هەوڵەکان خرانەگەڕ بۆ پەرەپێدان و گۆڕینی ئاژانسی هەواڵی شینخوا و تەلەفزیۆنی ناوەندی چین بەڕادەیەك بتوانن ڕکابەری سی ئێن ئێن و بی بی سی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بکەن . (Joseph Nye, 2012)

سەرەتای گرنگیدانی چین بە (نەرمە هێز) بەتێگەیشتنە هاوچەرخەکەی، کە بەچڕوپڕی کاری لەسەر کردبێت، بۆ کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، هێزی چین لە هێزی ڕەق خۆی نابینێتەوە، بەڵکو لە نەرمە هێزدا بەرجەستەبووەو بنەمای سەرەکی ئەم هێزەش کولتورە، بەتایبەتی کۆنفۆشیوسی بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەرە لە هەموو ئەو دەستکەوتە ئابوریی و سەربازییانەی چین بەدەستیهێناوە، هەندێک بەهای وەک: تاک لەپێناو کۆمەڵ، بەرزڕاگرتنی کاری قورس لە پێناو کۆمەڵدا، سوربوون لەسەر پاراستنی بەهای مرۆڤانە لە پەیوەندیی کاردا، وایکرد

تاك بۆ پێشکەوتن هانبدات. (د.هیوا و ئەیوب، 2018، 5)

چین پەرۆشبوو لە ئەزمونی زلهێزەکانی پێشوو و رابردووە شکۆدارەکەی پەندوەربگرێت، لە سیاسەتی دەرەوەدا چین هەوڵیدەدا لە رێگەی سودی هاوبەشەوە بە دەوڵەتەکانیتر بگات، جیاواز لە دەوڵەتانی رۆژئاوا لە رێگەی هێزەوە دەگەیشتن بەو ئەنجامانەی دەیانویست. پەیوەندییەکانی عێراق-چین تەنها لەبواری ئابووریی و بازرگانیدا قەتیسنەبوون، بەڵکو لە بواری تەکنیکی و کولتوریشدا هەبوون، لە دوای 2003 چەندین رێککەوتن و لێکتێگەیشتن لە بوارەکاندا ئەنجامدران، کە زیاتر بەدوای بوارەکانی هاریکاریی تەکنیکی گەڕان، بەتایبەتی راهێنانی عێراق لە وەزارەتەکانی چین و سودوەرگرتن لە ئەزموونی ئابووریی و پیشەسازیی و رۆشنبیریی و زانستیی، چونکە چین وەک یەکێک لە وڵاتە پێشەنگەکان توانیبووی لە ماوەیەکی کورتدا کەرتە ئابوورییەکانی پەرەپێبدات، لەم سەربەنەوە لە ساڵی ٢٠٠٦ یەکەم هاوکاریی تەکنیکی چینی کردنەوەی خولێکی راهێنانی ئابووریی و بازرگانی بۆ ٣٠ کارمەندی فەرمی عێراق بوو. (Al-Masaoodi, 2021, 269 )

هەروەها لە سەردانەکەی جەلال تاڵەبانی لە حوزەیرانی 2007، وەزیری نەوتی عێراق و جێگری وەزیری بازرگانی چین پێنج رێککەوتنیان واژۆکرد، لەنێویاندا رێککەوتنێک لەسەر پەرەپێدانی هاوکاریی تەکنیکی و یەکێکی دیکەش لەسەر پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان بوو.(Xinhua, 2007 ) لە نێوان 2009 بۆ 2010 چین یاداشتێکی تری لێکتێگەیشتنی لەگەڵ عێراق بۆ دابینکردنی خولی زیاتری راهێنان لە چین بۆ ئەو کەسانەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دامەزراون واژۆکرد، ئەو بوارانەی لە یاداشتنامەکەدا هاتووە بریتیبوون لە: تەکنەلۆژیای زانیاریی، چاککردنەوەی کۆمپیوتەر، چاودێریی کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبردنی داراییی و گەشەپێدانی ئابووریی، ژێرخانی بازرگانی و وەبەرهێنان، بەڕێوەبردنی بەندەر، چاندنی زەوییە وشکەکان و وزەی پاک.(Al-Masaoodi, 2021, 270)

لە بەرانبەردا سەرکردەکانی چین لە پێناو بەرەوپێشبردنی زمانی چینی و ئاڵوگۆڕیی پەروەردەیی و ئایکۆنە کولتورییەکانی چین و فراوانکردنی میدیا، پەنای بۆ ئامرازیی دیپلۆماسی و نەرمەهێز بردووە، بەم شێوەیە چین لەو شوێنانەی پەیوەندیی ئابووریی بەهێزی هەبووە، هەوڵیداوە ئاشنایی کولتوریی چینی زیادبکات، عێراق بەشێک بووە لەو شوێنانە، لەم سۆنگەیەوە لە ساڵی ٢٠١٠ وەزارەتی رۆشنبیریی عێراق و وەزارەتی رۆشنبیریی چین لە پەکین بەرنامەیەکی جێبەجێکاری سێ ساڵەی هاوکاریی کولتووریيان بۆ ساڵانی (٢٠١١-٢٠١٣) دارشت. (Amjed H. Al-Masaoodi, 2021, p 26)

کۆمپانیای هواوی چینی نموونەیەکی روونە لەوەی کە چین پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ نەرمەهێز تێکەڵکردووە، لە ساڵی ٢٠١٢ کۆمپانیای هواوی تیلیکۆم سەنتەری پەیوەندییەکانی لە زانکۆی بەغدا دامەزراند، جگە لەوەش حکومەتی چین سکۆلەرشیپی پێشکەش بە خوێندکارانی عێراقی کرد بۆ ئەوەی لە چین لە بواری هونەر و زمانەوانی و ئەندازیاری بخوێنن، هەروەها بەپێی (پرۆگرامی جێبەجێکاریی سێ ساڵە) چین دەرفەتی بەشداریکردنی لە پێشانگای نێودەوڵەتی شەنگەهای ساڵی ٢٠١٠ بۆ عێراق رەخساند (Amjed H. Al-Masaoodi, 2021, p 265).

سەنتەری کۆنفۆشیۆسی چین ئامرازێکی دیکەی نەرمەهێز و باشترکردنی کاریگەرییەکانی لە عێراق بوو، چونکە ستراتیژیی جیهانی چین هەوڵدان بوو بۆ (هاوتاکردنی نەرمەهێزی ئەمریکی)، ئەم هەوڵە پێشتریش لە زۆرێک لە وڵاتانی سعودیە، ئیمارات، بەحرەین و کوێت دەستپێکرابوو. بەگوێرەی راپۆرتی سیاسی ساڵانەی باڵیۆزخانەی عێراق لە چین لە تشرینی یەکەمی 2012 راگری کۆلێژی زمانەوانی لە زانکۆی بەغدا، سەردانی چینی کردووە و چاوی بە (شینگ جین)ی سەرۆکی پەیمانگای کۆنفۆشیۆس کەوتووە، کە لەسەر تواناکانی دامەزراندنی سەنتەری کۆنفۆشیۆس لە زانکۆی بەغدا گفتوگۆیان کردووە. لە بەرانبەریشدا عێراق دەرفەتی بۆ خوێندکارە چینییەکان رەخساند کە بەکالۆریۆس لە زمانی عەرەبی لە زانکۆکانی عێراق بخوێنن. (Amjed H. Al-Masaoodi, 2021, p 277)

## دەرئەنجام

- هاوپەیمانیەك بەسەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا عێراقی داگیرکرد، دەسەڵاتێکی کاتی تێدا دروستکرد، پاشان وردە وردە سیسەتەمی سیاسی عێراق شێوەی گرت لەسایەی هەژمونی ئەمریکادا. لەو چوارچێوەدا عێراق لە پەیوەندیە دەرەکیەکاندا ستراتیجێکی رونی نەبوو، زیاتر ئامانجی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ جیهاندا بوو، ئەویش دوای دەیان ساڵ لە پچڕانی پەیوەندیە دیپلۆماسیەکان، لێرەوە دەرگای بۆ هەموو هێزە جیهانیەکان تا بێنە عێراقەوە واڵاکرد.
- ئەگەرچی ویلایەتە یەکگرتووەکان سەرکەوتوبوو لە جەنگ، نەوتی عێراق وردە وردە پێگەی خۆی لە بازاڕی جیهانیدا کردەوە، کۆمپانیا رۆژئاواییەکان گەڕانەوە عێراق، بەڵام ئەو وڵاتە نەیتوانی ئاشتی بەرقەراربکات و سیستەمێکی سیاسی سەقامگیر دروستبکات، بەپێچەوانەوە زیانێکی زۆری گیانی و ئابوریی لە عێراقدا کرد. دواتریش لە 2011 هێزە شەڕکەرەکانی لە عێراق کشاندەوە. لەپاڵ پاشەکشەی ئەمریکا هاتنە ناوەوەی چین لە سەرەتادا لەرێگای وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتی و پاشان سێکتەرە ئابوریەکانی تر لە عێراق گەشەیکرد.
- ئەگەرچی چین دژی جەنگەکە بوو، نەچوە ناو هاوپەیمانیەکانی ئەمریکاوە، بەڵام یەکێك بوو لە براوە گەورەکانی شەڕەکە. کۆمپانیا نەوتیەکانی چینیەکان دوای ساڵانێك هاتنە ناوەوە، لەسەرەتادا بەشداری کەمیان پێدەکرا، بەڵام لە دوای کشانەوەی سوپای ئەمریکا، توانیان پێگەیەکی بەهێز لە کەرتی وزەی عێراق بۆ خۆیان دروستبکەن. لێرەوە چینی تینوو بە وزە بوە یەکێك لەکڕیارە سەرەکیەکانی نەوتی عێراق.
- بەدرێژایی ئەو ماوەی کە عێراق لەلایەن ئەمریکاوە بەڕێوەدەبرا، چینیەکان بە هێواشی هاتنە ناو عێراقەوە، ئەگەرچی چین خواستی زۆری هەبوو لە دروستکرنەوەی پەیوەندیە دیپلۆماسی و ئابوریی و بازرگانیەکانی لەگەڵ عێراق، لە هەمانکاتدا خواستێکی هاوشێوەش لە عێراق هەبوو، ئەویش بەهۆی هەرزانی کاڵای چین، ئاسانکاری لە بڕیاردان و نەبەستنەوەی بە مەرجی دیکەوە وەك ئەمریکا، ئەوە جگە لەوەی کە بەهۆی توندوتیژیەکانەوە وێنەی ئەمریکا تاڕادەیەك لای عێراقیەکان شێواوبوو، بۆیە عێراقیەکان بەدوای بەدیلدا دەگەڕان، بۆ ئەوەش چین بژاردەیەکی باشبوو وەك هێزێکی گەورەی ئابوریی و وڵاتێك کە رابردوی داگیرکاری لە عێراقدا نەبووە.
- لایەنێکی گرنگی پەرەسەندنی هەژمونی چین و پاشەکشەی ئەمریکا لە عێراقدا پەیوەندیی بە نەرمە هێزەوە هەیە. ئەگەرچی ئەمریکیەکان رابردوو ناوبانگێی گەورەیان لەو بوارەدا هەیە، بەڵام بە هۆی داگیرکاری عێراق و سیاسەتەکانی بوش، باڵادەستی دەنگی پنتاگۆن لە بڕیاری سیاسیدا، ناوبانگی ئەمریکیەکان لاوازبوو. لەهەمان کاتدا چین بە لێخۆشبونی بڕێکی زۆری قەرزەکانی سەر

عێراق و هەروەها شەڕنەکردن لە عێراق، دیپلۆماسی و ژیاندنەوەی پەیوەندیەکانی خەڵك بۆ خەڵك، توانی پێگەی گرنگی هۆی لە عێراق قایمکەن.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی ئینگلیزی:

Jane Kinninmont, Gareth Stansfield and Omar Sirri, Iraq on the International Stage, Foreign Policy and National Identity in Transition, Chattam House, 2013.

Congressional Research Service, informing the legislative debate since 1914, U.S. Periods of War and Dates of Recent Conflicts, Updated November 29, 2022

Kurt M. Campbell, Nirav Patel, Richard Weitz: The Ripple Effect, China's Responses to the Iraq War, center for new American security, October 2008,

بۆ خوێندنەوەی دەقی وتاری سەرکەوتنی جۆرج بوش لە 2003/5/1، دەتوانیت لە ئەرشیفی کۆشکی سپی تەماشا بکەیت:

The White House Archive: Operation Iraqi Freedom, President Bush Announces Major Combat Operations in Iraq Have Ended, Remarks by the President from the USS Abraham Lincoln at Sea Off the Coast of San Diego, California, For Immediate Release Office of the Press Secretary May 1, 2003, retived from https://georgewbush-whitehouse.archives.gov/news/releases/2003/05/20030501-15.html

United Nations digital library, Resolution 1483 (2003) / adopted by the Security Council at its 4761st meeting, on 22 May 2003, Security Council resolution 1483 (2003) [on lifting the economic sanctions on Iraq imposed by resolution 661 (1990)], UN. Security Council, (58th year: 2003), Resolution 1483 (2003) / (un.org)

Dahr Jamail, Western oil firms remain as US exits Iraq The end of the US military occupation does not mean Iraqis have full control of their oil. ALJAZEERA, 7 Jan 2012, retrieved from: https://www.aljazeera.com/features/2012/1/7/western-oil-firms-remain-as-us-exits-iraq

Hideki Matsunaga, The Reconstruction of Iraq after 2003, Learning from Its Successes and Failures, MENA DEVELOPMENT REPORT, International Bank for Reconstruction and Development/ The World Bank, 2019,

Yitzhak Shichor, China Means Business in Iraq, China Brief Volume: 7 Issue: 21, November 20, 2007

Xinhua, Iraqi president kicks off first China visit, china daily, Updated: 2007-06-20 22:19.

Jeremy Sharp, and other redacted names: Iraq: international attitudes to Operation Iraqi Freedom and reconstruction. Paper presented at the CRS Report for Congress. Updated December 18, 2003, p 24

The Observatory of Economic Complexity: Bilateral Trade by Products, HISTORICAL DATA, retrieved from: https://oec.world/en/profile/bilateral-country/usa/partner/irq?dynamicBilateralTradeSelector=year2002

Thomas W. Donovan, Petroleum rounds reveal the level of Chinese involvement in oil and gas sector, International Law Office, June 7, 2010

Matt Schiavenza: Who Won the Iraq War? China But the spoils of victory aren't going to last, the ATLANTIC, MARCH 22, 2013, retrieved from: https://www.theatlantic.com/china/archive/2013/03/who-won-the-iraq-war-china/274267/

Aseel Kami, China's Shanghai works on $1 bln power deal in Iraq, Rueters, MAY 29, 2010, retrieved from: https://www.reuters.com/article/iraq-power-plant-idINLDE64S08720100529

Steve A. Yetiv and Katerina Oskarsson, Challenged Hegemony, The United States, China, and Russia in the Persian Gulf: (Stanford: Stanford University Press, 2018):

South China Morning Post, 13 May 2013,

Amjed H. Al-Masaoodi, CHINA AND IRAQ: 1949–2016, This thesis is presented for the degree of Doctor of Philosophy of Political Science The University of Western Australia, 2021, unpublished

Lightreading, Huawei Wins Iraq Deal, 7/23/2007, retrieved from https://www.lightreading.com/huawei-wins-iraq-deal/d/d-id/644593

Donnchadh Mac an Ghoill, The Chinese Reconstruction of Iraq?, zero anthropology, ISSN 2562-9948, retrieved from, https://zeroanthropology.net/2013/10/26/the-chinese-reconstruction-of-iraq/

Wezeman, P. D., & Wezeman, S. T, Trends and International Arms Transfer, 2014., Stockholm International Peace Research Institute SIPRI. P 3, Retrieved from https://www.sipri.org/sites/default/files/files/FS/SIPRIFS1503.pdf

The Observatory of Economic Complexity, Bilateral Trade by Products, HISTORICAL DATA, retrieved from: https://oec.world/en/profile/bilateral-country/usa/partner/irq?dynamicBilateralTradeSelector=year2002

Dorraj, M., & English, J, The Dragon Nests: China's Energy Engagement of the Middle East. China Report, 49(1), 43–67. https://doi.org/10.1177/0009445513479243

Ahmed Mousa Jiyad, The Demise of ExxonMobil in the Iraqi Petroleum Sector, 29th April 2021, retrieved from: https://www.iraq-businessnews.com/2021/04/29/the-demise-of-exxonmobil-in-the-iraqi-petroleum-sector/

Dr. Naser AL-Tamimi: China in Iraq: winning without a war, retrieved in 20\1\2022, published in 16 March, 2013, Available at, https://english.alarabiya.net/views/2013/03/16/China-in-Iraq-Winning-Without-a-War

Energy Information Administration EIA, Country analysis brief: Iraq. In: EIA Beta Independent and Statistic USA. 2013

William Rugh: American soft power and public diplomacy in the Arab world. Palgrave Commun 3, 16104 (2017). https://doi.org/10.1057/palcomms.2016.104

Gene E. Bigler: Strategic Communications and the Decline of US Soft Power, International Law Studies, Volume 83 Global Legal Challenges: Command of the Commons, Strategic Communications, and Natural Disasters. P. 3. Retrieved from: https://digital-commons.usnwc.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1169&context=ils

Joseph S. Nye, Jr: Can America Regain Its Soft Power After Abu Ghraib? Yale Center for the Study of Globalization, Thursday, July 29, 2004. retrieved from: https://archive-yaleglobal.yale.edu/content/can-america-regain-its-soft-power-after-abu-ghraib

Shibley Telhami, The World Through Arab Eyes: Arab Public Opinion and the Reshaping of the Middle East. Basic Books, 2013, New York.

William Rugh, American soft power and public diplomacy in the Arab world. Palgrave Commun 3, 16104 (2017). P. 4, https://doi.org/10.1057/palcomms.2016.104

The Future of US- Iraqi Relationship,

President Barak Obama's Inaugural address, President Obama delivered his Inaugural Address, calling for a "new era of responsibility.", the White House PRESIDENT BARACK OBAMA, Archive, retrieved from: https://obamawhitehouse.archives.gov/blog/2009/01/21/president-Barack-obamas-inaugural-address#:~:text=Summary%3A,%22new%20era%20of%20responsibility.%22&text=My%20fellow%20citizens%3A%20I%20stand,sacrifices%20borne%20by%20our%20ancestors.

JOSEPH S. NYE Jr: Why China Is Weak on Soft Power, web.archive.org, JAN. 17, 2012, retrieved from: https://web.archive.org/web/20171003075014/http://www.nytimes.com/2012/01/18/opinion/why-china-is-weak-on-soft-power.html?_r=0

Xinhua: Iraqi president kicks off first China visit, updated: 2007-06-20 22:19, retrieved from: https://www.chinadaily.com.cn/china/2007-06/20/content_898717.htm

## دووەم: بەزمانی عەرەبی:

الجبوري، ابتهال محمد رضا داود، النفط العراقي والاحتلال الأمريكي، The International and Political Journal, 2013, Volume , Issue 23، ص 18

السامرائي، هناء عبد الغفار حمود، تحليل تأثير النزاع التجاري الامريكي الصيني على الاقتصاد العراقي بعد عام 2003، رسالة ماجستير تقدم بها الى مجلس كلية الادارة والاقتصاد/ الجامعة المستنصرية ، وهي جزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في العلوم الاقتصادية، بغداد، 2021، ص97

سليم، د. نبيل محمد، العلاقات العراقية- الامريكية, دراسات دولية, 47,سنة2011,ص 16

العطية، هاني منعم دحام، تحليل تأثير النزاع التجاري الامريكي الصيني على الاقتصاد العراقي بعد عام 2003، رسالة ماجستير تقدم بها الباحث الى مجلس كلية الادارة والاقتصاد – الجامعة المستنصرية (غير منشورة)، وهي جزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في العلوم الاقتصادية، بغداد، 2021 ، ص 108

العطية، هاني منعم دحام، تحليل تأثير النزاع التجاري الامريكي الصيني على الاقتصاد العراقي بعد عام 2003، رسالة ماجستير تقدم بها الباحث الى مجلس كلية الادارة والاقتصاد – الجامعة المستنصرية (غير منشورة)، وهي جزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في العلوم الاقتصادية، بغداد، 2021 ، ص 108-109

مضخور، د. باهرمردان، العلاقات العراقية – الصينية في مرحلة ما بعد اقامة الشراكة الاستراتيجية 2015 نحو انشاء آلية للحوار الاستراتجي العراقي – الصيني، مقال بحثي منشور في صحيفة الصباح البغدادية بمناسبة ذكرى مرور ستين عاما على إقامة العلاقات الدبلوماسية بين الصين والعراق.

## سێیەم: بە زمانی کوردی:

سەعید، پ.ی.د.هیوا عەزیز و ئەحمەد، ئەیوب ظاهر، نەرمە هێز لە سیاسەت و پرۆسەی چاکسازیی چیندا (١٩٧٨-١٩٩٢)، مجلة جامعة التنمية البشرية، المجلد 4، العدد 1(2018)

عەزیز، د. سەردار، بەخێرپێن بۆ سەردەمی چینی لە کوردستان و عێراق، ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، چاپی یەکەم. 2021